# وەرزەکانی تەمەن

**بەندی عەلی**

منالّیی -1-
پەڕی بێگەردی
یەکەم وەرزی یاد
تەمەن بەخامەی
پەنجە نەرمەکان
ڕازو نیازی
لەسەر ئەنووسێ

نیگارێکی پڕ
لەڕەنگی سروشت
جوانتر لەسیمای
شازی فریشتە
ئاوازی میهرە
ئەگاتە بەر گوێ

خەون،پەپوولەی
بەرچرای ناخە
خۆزگە ڕوتوقوت
نیگا بێ پەردە
خەمەکان سادەن
ئارەزوو ڕاستگۆ

کیشوەرێکی پڕ
سیحرو نهێنی
کەرنەڤالّی ڕەنگ
ڤیستیڤالّی دەنگ
پەلکەزێڕینەی
جوانتر لەئاسۆ

لاویی -2-
گوڵەوەچنەیەک
لەگەنمی روح و
کەوچکە هەنگوینێ
بۆ قاوەی تەمەن
عارەقەی سوێری
ڕەنج و هیلاکییش

پریاسکەیەکی پڕ
بزەو خورپە
چرۆی ئەوین و
دڕکی جودایی
خەون و حەقیقەت
خەم و بێباکییش

کەشتیەکی نێو
دەریای شپرزە
بارەش ئەیهێنێ و
سروەک ئەی باو
هەمیشە شەیدای
نەورەسی کەنار

ئەسپێکی سرک و
بزێوی دەشتیی
هیچ شۆڕەسواری
سان ماڵیی ناکا
بەڕەوتی هێمن
یا بەڕەوتی غار

پیریی -3-
شوشەی بەتاڵی
شەرابێکی کۆن
هەر کەمێ بۆن و
بەرامی یادی
زەمانی پێشووی
تێدا مەڵاسە

تەپەدۆرێکی
کۆنی ڕزیویش
سنووری نێوان
بوون و نەبوونەو
عومرێکی زۆرە
خەریکی پاسە

هەر کەدەستی مەرگ
گەیشتە دامەنی و
ئەو پاسەوانەی
بێ خەم فڕێدا
دوای سەروەنەوزێ
لەچاوی زەمەن

ئەو کەمە بۆنەش
لەنێو ئاسمانی
پان و بەرینی
بیرچوونەوەدا
پەرش بڵاوە
بەسرووەبای شەن

مردن -4-
بیر لەمردن
لەوەزیاتر ناکەمەوە

که ڕەشەبایەکی ناوەختەو
.. هەر ساتێ هات
بەخۆزگەکانی ئاییندەم
پرس ناکات
لێی چاوەڕێی مۆڵەتیش نیم
ڕێگەم بدات
دوا دیمەنی شانۆی خەوە
سەوزەکانی خۆم ببینم
ژیان فێری ئەوەی کردوم
بەڕۆژ لەباخی ئومێدا
مەرجە تامی پرتەقاڵی
هەتاو کەم و
شەویش لەمیحرابی عیشقا
چێژ لەسیحری
توانەوەی مۆم ببینم